# کفنی بەلاش کێ نامرێت

**ئەمجەد شاکەلی**

ئەگەر کەسێک بێکار بێت و ئارەزووی تەماشاکردن و بیستن و خوێندنەوەی هەواڵەکانی کوردستانی هەبێت، دەتوانێت ڕۆژانە، هەوێنی نووسینی دەیان گوتار و مەززەی دەیان دانیشتن و گاڵتە و شۆخی دەیان گۆڵمەز، لەمەڕ ئەو سەیروسەمەرەکارییانەی، کە لە وێندەرێ ڕوودەدەن خڕکاتەوە. بۆ ئەوەی "وەک بێخەمێ" لێیان دەنۆڕێت، ئەو هەواڵانە گەنجینەیەکەن بۆ پێکەنین و قاقالێدان، ئەوەیشی جۆرێکی دیکە دەنۆڕێتە باسەکان، هەر هەواڵەو خەمێکە و هەر هەواڵەو تاڵاونووشینێکە و هەرهەواڵەو تەنکیی و ڕواڵەتیی و ڕووکەشیی و لاوازییەکی هزریی دەسەڵاتداریەتییەکی نادڵسۆز و نابەرپرس و وڵاتێکی بێسەروبەر و جڤاکێکی پڕلەنادادی و نارەوایەتی پێشان دەدات.

*****

پێش جەند سەدەیەک کارڵ مارکس و فرێدریک ئەنگلز لە مانیفیستی کۆمۆنیزمدا، هاوار و بانگی"کارگەرانی جیهان یەکگرن"یان دا بە گوێی مرۆڤایەتی و تەواوی جیهاندا. ئەو یەکگرتنەی مارکس و ئەنگلز خەونیان پێوە دەبینی، تا ئەمرۆیش بەو جۆرەی ئەو دوو جوامێرە بیریان لێ کردبووە و چاوەڕوانی بوون، نەهاتووەتە دی. بەرانبەر بەوە خودانکار و دارا و سەرمایەدارانی جیهان یەکگرتووترن و درز و کەرتبوون و یەکنەگرتنی کارگەران، بە سوودی ئەوان گەڕاوەتەوە، هەر بۆیە وا بەو شێوەیەی ئێستا توانیویانە جڵەوی هەموو جیهان بگرنە دەست.

لە کوردەواریدا بەو کەسانەی، کە چاویان لە دووی پارەوپووڵ و سامان و هەموو شتێکی ماددییە و هەرگیز بە هیچ شتێک تێر نابن دەگوترێ:"سەرسواڵکەر" و "چاوبرسی" و "لەمیش" و "مشەخۆر" و "تێڕە" و "نەوسن" و "چڵیس". لەو گەرمێنەی وڵاتی کوردستانیش بە ژنێک، کە هەمیشە تامەزرۆی گان بێت (بە گوتنێکی سەردەمانە حەزی لە سێکس بێت) دەڵێن"کوزبرسی" واتە: "کوزی برسی"، کە دەکاتە ئەوەی هۆکییە و هەردەم حەزی لە گانە و تێر نابێت.
هەرچەندە ئەو دەربڕینە بۆ ژن بەکار براوە، لێ من پێموایە هەڵەیە و ستەمێکە لە ژن دەکرێت، چونکە لە تەواوی جیهاندا ژنێک هەرچەندی حەزیشی لە سێکسین بێت، هەرگیز هاوار ناکات و پەلاماری پیاو نادات و شەرموشکۆیەکی هەیە و دەست بە ئاوڕووی خۆیەوە دەگرێت. ئەوە پیاوە، کە هەمیشە کێری لێ بووەتە بەڵا و "کێری داوەتە شانیدا" و پەلاماری ژن دەدات و لە پێناوی تێرکردنی ئارەزووە سێکسییەکانیدا، لە هیچ ناسڵەمێتەوە و ئامادەی هەموو شتێکە، تەنانەت خراپترین شتیش. دەبوو لەبری"کوزبرسی/ کوزی برسی" بگوترابا "کێربرسی/ کێری برسی". بە بێ هاوار و بانگی هیچ مارکسێک یا کەسێکی دیکە، خواستی "پارەپەرستی" تەواوی سەرسواڵکەر و چاوبرسی و لەمیش و مشەخۆر و تێڕە و نەوسن و چڵیس و کوز/کێربرسییانی بەرپرسانی وڵاتەکەی لەمەڕ ئێمە(کوردستان)ی

یەکخستووە. ئەمانە سەرسواڵکەر و چاوبرسی و لەمیش و مشەخۆر و تێرە و نەوسن و چڵیس و کوز/کێربرسی ئاسا هەرگیز بە هیچ شتێک تێر نابن.

*****

ماڵپەری ئاوێنە لە زاری عەدنان موفتی، سەرۆکی پەرلەمانی کوردستانەوە، دەنووسێت: "بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێک سێ دەفتەر و 700 دۆلار سەرف دەکرێت بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل"[1].

ماڵپەری ئاوێنە دەنووسێت:"نزیکەی پێنج ملیۆن دۆلار لەلایەن حکومەتی هەریم و سەرۆکایەتی پەرلەمانەوە خەرجکراوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل بۆ 40 وەزیری حکومەتی هەرێم و 111 ئەندام پەرلەمانی کوردستان. بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست ئاوێنە کەوتووە بە بڕیارێکی حکومەتی هەرێم هەر وەزیرێک ئۆتۆمبیلێکی جۆری مۆنیکای مۆدێل بەرزی بە 41 هەزار دۆلار بۆ کڕدراوە، کە کۆی ئەو پارەیەی خەرجکراوە بۆ 40 وەزیرەکە دەکاتە یەک ملیۆن و شەش سەد و چل هەزار دۆلار".

ئاوێنە دەنووسێت: "پێشتریش سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی کڕینی ئۆتۆمبیل بڕی 30 هەزار دۆلاری بۆ هەر ئەندام پەرلەمانێک خەرجکرد کە هەریەکەیان ئۆتۆمبیلێکی بۆ خۆیان پێبکرن. تێکرای ئەو پارەیەی کە خەرجکراوە بۆ کڕینی ئۆتۆمبیل دەکاتە 3 ملیۆن و سێ سەد و سی هەزار دۆلار".

ئاوێنە دەنووسێت:"د. نوری عوسمان سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران بە ئاوێنەی ڕاگەیاند: ئەو ئۆتۆمبیلانە کە ژمارەیان 40 دانەیە دیاری نییە بۆ وەزیرەکان، بەڵکو موڵکی وەزارەتە و حکومەت کڕیویەتی و بڕی هەر دانەیەکی 41 هەزار دۆلارە".

*****

لە هیچ وڵاتیکی دنیادا نەبووە و نییە حوکوومەت ئۆتۆمبیل بۆ ئەندام پەرلەمان و وەزیرەکانی حوکوومەت بکڕێت. ئەمەی لە کوردستاندا ڕوودەدات نموونەیەکی نوێیە لە بەڕێوەبردن و کارگێڕی و حوکوومەتیدا. پەرلەمان و حوکوومەتی کوردستان هەر وەک کڕینی ئۆتۆمبیل بۆ ئەندامانیان دەکەنە مۆدێل، دەبوو خەوتنی نێو جێفینی پەرلەمان و حوکوومەت و فرەژنی و فرەپاسەوانی و مووچەی خەیاڵی و سەربۆیەکردن و قژڕەشکردن و دزی و گەندەڵی و دەوڵەمەندبوونی ناڕەوا و نایاسایی ئەندام پەرلەمان و وەزیران و بەرپرسانیش بکەنە نموونە و مۆدیل و بە دنیادا پەخشی بکەنەوە.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، کە ژمارەیان (111) کەسە، ئەگەر هەریەکەو یەک دەفتەر[2] و 700$ (30700)دۆلاریان بۆ درابێت/بدرێت بە ئۆتۆمبیل، ئەوا تێکرای ئەو پارەیە دەکاتە(3415000) دۆلار.

ئەگەر هەر وەزیرێکی حوکوومەتە "چل وەزیرییەکەی" کوردستان، کە لە دنیادا وێنە و نموونەی نییە و حەقوایە ئەزموونی "چلوەزیری" یش، وەک ئەزموونی "چل تووتی" و "چل گا چل کەر چل جەوەنە" و "چل دەف" و "چل شەو خەڵوەت" و "چلەی ژنی زەیسان" و "چلەی هاوین و چلەی زستان" و"چلەی مردوو"...هاوتای خەوەنووچکە و پرخەپرخی ئەندامانی پەرلەمان، بکەنە پرۆژە و بە دنیادا بیبەشنەوە، بۆ ئەوەی وڵاتانی دنیا چاوی لێ بکەن و سوودی لێ وەرگرن، ئەگەر چل وەزیر هەریەکەو

---

[1] ماڵپەڕی ئاوێنە(www.awene.com) ، 1-3-2007.

[2] ئەم وشەگەلەی دەفتەر(10000 دۆلار) و بلۆک(100000 دۆلار)انە لەم ساڵانەی دەسەڵاتی حکوومەت کورددا هاتووەنەتە ئاراوە و کەوتوونە سەر زاران. ئەویش بەهۆی دەوڵەمەندبوون و پارەزۆریی دەسەڵاتداران و دەستوپێوەندانییانەوە، دەنا نەلە فەرهەنگی زمانی کوردی و نە هی عەرەبی و فارسی و تورکیدا، کە هاوسێگەلی زمانی کوردین ئەو وشانە نین.

یەک مۆنیکای[3] مۆدیل باڵای بخەنە ژێر و هەر مۆنیکایەکیش بە(41000)دۆلار بێت، ئەوا تێکڕای پارەی ئەو مۆنیکایانە دەکاتە(1640000) دۆلار.
تێکڕای پارەی کڕینی ئۆتۆمبیل بۆ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و وەزیرەکانی حوکوومەتی کوردستان دەکاتە(5055000) دۆلار.
"د. نووری عوسمان"ی سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، کە دەڵێ ئەو چل دانە ئۆتۆمبیلەی، بۆ وەزیرەکان دەکڕدرێن، دیاری نین بۆیان، بەڵکە موڵکی حوکوومەتن، پێیوایە باسی سویسرا، سوێد، دانمارک، نۆرویژ، بێلژیک، فرانسە....دەکات. چ بەرپرسێک لە سەری سەرەوەی پلیکانێی دەسەڵات تا خواری خوارەوەی ئەو پلیکانێیە لە کوردستان، جیاوازی لە نێوان پارەوپووڵ و موڵکی خۆی و حوکوومەتدا دەکات؟ تەواوی بەرپرسانی ئەو وڵاتەماڵی خۆیان هی خۆیانە و ماڵی حوکوومەتیش هەر هی خۆیانە. مەگەر ئەوە سەرۆک کۆمارەکەی د. نووری عوسمان نییە، لە هەموو گەشتێکیدا سەدان هەزار دۆلار دەبەشێتەوە و دەڵێن ئەوە پارەی خۆیەتی! ئەوە بۆ یەک کەس تاکە یەک کەس لەو هەموو ئەندام پەرلەمان و وەزیر و گزیر و حوکوومەت و بەرپرسە ملئەستوور و تێر و تەوەزەلانە، ڕۆژێک لە ڕۆژان، ڕووبەڕووی لێپرسینەوەیەک نەبوون و نابن لەبارەی دەوڵەمەندی و سامانێکەوە، کە هەیانە و چۆنیان پەیدا کردووە! هیچ بەرپرسێک لەو کوردستانە تا ئێستا ناتوانێت وا بیر بکاتەوە، کە ئەگەر دەوڵەت و حکوومەت هی خەڵکە و بۆ خەڵکە، وەک خۆیان بانگاشەی بۆ دەکەن، ئەوا تەواوی پارە و سامانێکی حوکوومەت و دەوڵەتیش، دەبێ هی خەڵک و بۆ خەڵک بێت. لە بری خەرجکردنی ئەو پارە زۆرە بۆ چەند ملقەوییەکی پەرلەمانتار و وەزیر و پیسکردن و بۆگەنترکردنی ژینگە بە کڕینی ئەو هەموو ئوتۆمبیلانە بۆ بەرپرسان، ئەگەر ئەو حوکوومەتە بەتەنگ خەڵکەوەیە، بلا بەو پارەیە کۆمەڵە پاسێکی گەورە بخاتە نێو بازێڕ و نێوان بازێڕەکانەوە، کە دەبنە هۆی کەمترپیسکردنی ژینگە و سوودوەرگرتنی ژمارەیەکی فرەتر لە هاووڵاتان لەو خزمەتە و کەمکردنەوەی ڕووداوی ترافیکیش. بە پارەی ئەو ئۆتۆمبیلانە سەدان هەزاران خانوو بۆ ئاوارەکانی ژێر چادرەکانی کەرکووک و گەرمیان دروست دەکرێت. بەو پارەیە و بەو پارەیەی شەوانە لە سەر مێزی خواردنەوە و ڕابواردن لە لایەن بەرپرسانەوە لە هوتێل و چێشتخانە گرانبەهاکاندا خەرج دەکرێت، بەو پارەیەی کە سەدان ڕۆژنامەی بێتام و بێسوودی پێ دەردەکرێت و بەو پارەیەی کە بەو هەموو کلیپە بێتام و تەلەڤزیۆنە بێسوود و مێشکشێوێنانە دەدرێت، سەدان کاری باشتر و سوودبەخشتر دەکرێت، بەڵام کاری باشتر و سوودمەندتر، بە پەرلەمان و حوکوومەت و بەرپرسێلێک دەکرێت، کە پێش هەر شتێک دڵسۆزی خەڵک و وڵات بن و هەرەپێویست بخەنە پێش پێویستترین و پێویستترین بخەنە پێش پیویستتر و پێویستتر بخەنە پێش پێویست و پێوێست بخەنە پێش کەمترپێویست و کەمترپێوێستیش بخەنە پێش ناپێویستەوە. لە کوردستان، گەلێک مخابن، ڕێک بە پێچەوانەوە کارەکان ئەنجام دەدرێت و لە ناپێویستەوە دەستپێدەکەن و بۆ شتەکان دەچن و هەرگیز نە دەگەن و نە بۆ خۆیشیان دەیانەوێت بگەنە ئەوەی پێویسترینە و پارەوپووڵ و سامانێکێش کە هەیە بۆ ناپێویستییەکانی بەفیرۆ دەدەن. ئەوەی پێڕۆ دەکرێت، وێرانکارییە نەک دروستکردنی وڵات!

---

[3] لە هیچ جێیەکی جیهاندا ئۆتۆمبیلی مۆنیکا و لەیلا عەلەوی ناو نییە، تەنی لە کوردستان نەبێت. ئەو مۆنیکایە بە نێوی "مۆنیکا لوینسکی"یە خڕوخەپانەکەی "بیڵ کلینتن" ەوە نێو نراوە. ئاخر بەرپرسان و دەسەڵاتداران و سەرمایەدارانی کورد حەزیان لەو جۆرە ژنە خڕوخەپانانەیە و کە سواری ئەو ئۆتۆمبیلە مۆنیکایانە دەبن، پییانوایە سینگ و سمتی "مۆنیکا لوینسکی"یان لە ئامێز گرتووە.

*****

لەم وڵاتە ئەوروپاییانە، ئەندام پەرلەمانیک یا وەزیرێک یا هەر بەرپرسێکی باڵا یا گچکە، ئەگەر بۆ خۆی دەوڵەمەند بوو و خودانی سامان و خانوو و ئۆتۆمبیل و...بوو، ئەوە کارەکەی هیچ لە ژیانی ناگۆڕێت و تەنیا مووچەیەک وەردەگرێت و هیچی دیکە. سەرۆکی حوکوومەتی سوێد لە خانووی حوکوومەتدا تا سەرۆکی حوکوومەتە دەژی، کە دۆڕا و هەڵنەبژێردرایەوە ئەو خانووە جێدەهێڵێت و بار دەکات و دەچێتەوە ماڵەکەی خۆی، کە ڕەنگە کرێنشینیش بێت. ڕۆژانە دەیان وەزیر و ئەندام پەرلەمان و بەرپرسی باڵای زەلام زەلام لە نێو شەمەندەفەرە ژێرزەوینی و سەرزەوینی و ئۆتۆبووسەکاندا دەبینرێن، کە بۆ سەر کارەکانیان دەچن یا لە کار دەگەڕێنەوە ماڵێ. ڕۆژانە دەیان لەو گەورەبەرپرسانە دەبینرێن، بە دووچەرخە دەچنە سەرکار و لە کار دەگەڕێنەوە. ڕۆژانە چەندین لەو گەورەهەڵسووڕێنەرانەی پارتییەکان و گەورەکارگێڕانی حوکوومەت لە ڕیزی کڕینی بەستەنی و بابۆڵەدا دەبینرێن و تۆ و من ئاسا، چاوەڕێی نۆرەی خۆیان دەکەن بێ ئەوەی نۆرە بە یەک کەس ببڕن یا کەسێکیش ئاوڕیان لێ بداتەوە. ڕۆژانە چەندین کۆنە سەرۆک حوکوومەت و ئەندام پەرلەمان و وەزیر و بەرپرسی گەورە لە نێو جادە و کۆڵانەکانی ستۆکهۆڵمدا دەبینرێن وەک هەر یەکێک لە ئێمە و سەڵتەزەلام پیاسەی خۆیان دەکەن. باسی سوێد وەک نموونەیەک دەکەم، دەنا هەموو وڵاتانی ئەوروپا بەو جۆرەن.

*****

زۆرێک لەو بەرپرس و حوکوومەت و وەزیر و گزیرانەی ئەوڕۆی کوردستان، خەڵکانێکن لە ئەوروپا ژیاون، یا سەردانی ئەوروپایان کردووە، یا شارەزاییەکیان لە بارەی ئەوروپاوە هەیە، لێ کە دەچنەوە ئەو گەندەڵستانە ئەوانیش دەچنە خوو و پێستی ئەوانەی ئەوێ. خەڵکانێکی دیکەیش هەن ئەگەر کاریگەری ئەوروپاییشیان لەسەر نەبێت، ئەوا ڕۆژگارێک پێشمەرگایەتییان کردووە، یا بڕوایان بە تیۆرریەکی شۆڕشگێڕانە هەبووە، یا خۆیان لە خانەی چەپدا نێونووس کردووە، کەچی ئەمانە لە خەڵکەکەی دیکە زیاتر هەڵپە دەکەن و ڕاوەپارە دەکەن و هێندی بەتەنگ گیرفان و زگ و بەرزگەوەن، یەک لە سەد (1%)ی ئەوە ئەمەکدارییان بۆ بیروبڕوا و دید و مێژووەکەی خۆیان نییە.

ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، لەو ڕۆژەوەی، کە شتێک بە نێوی پەرلەمان لەو وڵاتەدا هاتووەتە گۆڕێ و ئەندامانی حوکوومەتەکەی کوردستان، لەو ڕۆژەوەی، کە شتێک بە نێوی حوکوومەت لەو وڵاتەدا هاتووەتە گۆڕێ و هەرچی بەرپرسێکە لەو وڵاتەدا، تا ئێستا لەوەی زیاتر هەمیشە لەگەڵ بوونە و وەک تووتی هەموو وێکڕا گوتوویانە بەڵێ و لەوەی زیاتر دەستیان بەسەر کڵاوی خۆیانەوە گرتووە، نەبادا یەک تاکە دەرفەتی گیرفانپڕکردنیان لەدەست دەر بچێت و نەبادا لە هەڤاڵەکانیان دواکەون، چییان بۆ ئەو خەڵکە کردووە و منەتی چی بە سەر ئەو خەڵکەدا دەکەن! بۆچی ئەوەی ئەندام پەرلەمان و وەزیرە تا ئێستا بێ ئۆتۆمبیل بووە وا ئێستا ئۆتۆمبیلی بۆ دەکڕن! حوکوومەتی کوردستان بۆ خۆی خەڵکانێک دەوڵەمەند دەکات و خەڵکانێکیش لات. حوکوومەتی کوردستان و پەرلەمانە مردوو و بێگیانەکەی، جیاوازیی چینایەتی قووڵتر دەکەنەوە و نەدار هەژارتر و دارایش دەوڵەمەندتر دەکەن. خەڵکی دەوڵەمەند و چاوچنۆک هەرگیز بۆ پارە و مفتەخۆری ناڵێن نەء و هەمیشە نەک هەر ئۆتۆمبیل، بەڵکە بێکەڵکترین و بێبایەخترین شتیشیان بە خۆڕایی بدرێتێ ڕێکوڕەوان و بێ سێودوو لێکردن وەریدەگرن و "بای دەدەن لوولی دەدەن قووتی دەدەن مانەندی

حووت"[4]. ئەم مفتەخۆرانە هەرگیز لە یەک فلسی خۆیان خۆش نابن و هەموو شتێک بۆ خۆیان بە ڕەوا دەزانن. ئەم مفتەخۆرانە ڕۆژانە بە قسەی زل و فشەی گەورە و بانگاشەی ساختەکارانەی "نەتەوەیی" و "وڵاتپارێزی" و "بەرژەوەندی گەل" و گریان بۆ مێژوو، خەڵک فریو دەدەن و بە بەڵێنی بۆش و بەتاڵ، کێشەی ئەلەکتریک، ئاو، خانوو، نەخۆشی، نەبوونە، چەوسانەوەی ژن، چەوسانەوەی چینایەتی، خەڵکە ئاساییەکە چارە دەکەن! ئەمانە مفتەخۆرن و مفتەخۆرانیش بە گویرەی تیۆری"کفنی بەلاش، کێ نامرێت" و "دەست بە خێری خۆتەوە مەنێ" دەهزرێن و دەڕەوتارێن و ئەوەی خۆڕایی بێت هەرگیز سێودووی لێ ناکەن و لێی ناسڵەمنەوە.

*****

ئەودەمەی لە وڵات بووم و لە کەرکووک لە کارگێڕی ئامار کارم دەکرد، کاک" سەیید ئەحمەدی سەیید قادر"مان لەگەڵ بوو، هاوکار بووین و ئەو شۆفێر بوو لەو کارگێرییەدا. نێوانمان زۆر خۆش بوو و گەلێ جاریش پێکەوە و بۆ ئەنجامدانی کار دەچووینە ئەملا و ئەولا. کاک سەیید ئەحمەد، کە باسی خەڵکانێکی قرچۆک و چاوبرسی و مشەخۆری کردبا دەیگوت:" ئەمانە ئامادەی هەموو شتێکن و بۆ پارە هەرچی نەشێت دەیکەن و هەرچیتێک خۆڕایی بێت گەرەکیانە و ناڵێن نەء و ئەگەر کفنیش بەلاش بێت ئامادەی مردنن(چفن بەلاش منو ما یموت)". سەیید ئەو ڕستەیەی بە عەرەبی دەگوت، کە دەکاتە: کفنی بەلاش کێ نامرێت.

*****

ساڵانی 1970 و 1980کانی سەدەی پێشوو، لە سەردەمی بەعسدا، لە عیراق، هەموو شتێک بووبووە نۆرە و لەڕیزڕاوەستان. لەڕیزڕاوەستانیش مۆدە و لاساییکردنەوەیەکی کوێرانەی دەوڵەتی بۆگەنکردووی سۆسیالئیمپریالیزمی سۆڤییێت و وڵاتانی گەندەڵی ڕەدووکەوتووانی بوو. وای لێهاتبوو کۆمۆنیستە نەریتی و فەرمییەکانی کۆمیتەی نێوەندی(اللجنةالمرکزیة) شانازییان بە دیاردەی لەڕیزڕاوەستان و ڕیزڕیزێن و ڕیزگرتنەوە دەکرد و وەک دیاردەیەکی هاوچەرخ و نوێباو و پێویست تەماشایان دەکرد. خەڵک بۆ کڕین و ەرگرتنی هەر شتیک دەبوو لە ڕیزدا ڕابوەستایەن. ئیدی وای لێهاتبوو، هەرکەسێک هەر ڕیزەخەڵکێکی دیبا، کە ڕاوەستاون ئیدی بێئەوەی بزانێت چییە خۆی پێدا دەکرد و ئەویش ڕادەوەستا تا نۆرەی دەهات. جاری وا هەبووە هەموو ئەندامانی خێزانیک ئیدی چوار پێنج یا هەر چەند کەس بووبن هەریەکەو ڕووی کردووەتەوە جێیەک و خۆی خستووەتە ڕیزێکەوە، هەر بۆ ئەوەی هەر یەکەو بە شتێکی جیاوازەوە بگەڕێنەوە ماڵێ، کە زۆرجاران وەهایش نەبووە. جاری وا هەبووە یەک دوو کەسێک، کە ویستوویانە کەوشەکانیان بۆیاخ بکەن، لە ڕیزی پێڵاوبۆیاخکردندا ڕاوەستاون و خەڵکێکیش بێ ئەوەی بزانن چ باسە و ئەمانە بۆ وا لە ڕیز ڕاوەستاون، چوونەتە ڕیزەوە و کە نۆرەیان هاتووە و زانیویانە خەڵک بۆ کەوشبۆیاخکردن ڕاوەستاون، ئەوجا ڕیزەکەیان جێهێشتووە لەبەر ئەوەی ئەوان نەیانویستووە پێڵاوەکانیان بۆیاخ بکەن.
دەڵێن جارێکیان پیرەژنێکی بێدان و پشتکووڕ و چەماوە لەو بەغدایە بە شوێنێکدا تێدەپەڕێت و دەبینێت خەڵکێک لە ریزێکدا ڕاوەستاون. پیرەژنیش هەروا دەکات و دەچێت لە ڕیزەکەدا ڕادەوەستێت. دیارە ڕیزەکەیش گەلێک دوورودرێژ دەبێت و گەلێک خاویش دەڕواتە پێشێ. خەڵک لە پێشەوەی پیرێژن گەلێکن و لە پشتیشییەوە خەڵکێکی زۆر ڕاوەستاون و بەرەبەرەیش خەڵکەکە زیاد

---

[4] بە ئیجازەی شێخی مەزن، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، کە دەڵێ:"بای ئەدا لوولی ئەدا قووتی ئەدا مانەندی حووت".

دەکەن. پاش ماوەیەک کابرایەک کە لەپێش پیرەژنەوەیە ئاوڕی دواوە دەداتەوە و دەبینێ وا پیرەژنێکی گەلێک بەتەمەنی لە پشتەوەیە. کابرا زۆری پێ سەیر دەبێ و لە پیرەژن دەپرسێت: دایکە تۆ دەزانێت ئەم خەڵکە بۆ چی ڕیزیان گرتووە؟ پیرێژن دەڵێت: نا وەڵڵا نازانم، بەڵام دەزانم شتێک دەبەشنەوە و هەرچیش ببەشنەوە هەر باشە و خێری خوایە و وەریدەگرم. کابرا دەڵێت: دەزانی چی دەبەشنەوە؟ پیرێژن دەڵێ: نا. کابرا دەڵێ: کێری پلاستیکی دەستکرد دەبەشنەوە! پیرێژن دەڵێ: جا قەیچێکە. کابرا دەڵێ: ئاخر تۆ بەم تەمەنەوە چی لێ دەکەیت؟ پیرێژن دەڵی: "أمصه مص" واتە: بە مژین دەیمژم!!!!

2007-4-17